



(چەندی مرۆڤ بەرەو گەمژەیی بڕوا، پتر باوەڕ بەوە دەهێنێ کە لە هەموو شتێکدا، لە هەموو کەس باشترە).. زانای کۆمەڵناس د. عەلی وەردی

* دەردی خۆ بەزلزانین و لەخۆگۆڕان، بە گشتی ئەمڕۆ بووەتە یەکێک لە دەرد و دیاردە کوشندەکانی کوشتنی وزەی داهێنان لە مرۆڤدا، ئەمە پێچەوانەی نەخۆشیی خۆ بەکەم زانینە. ئەم پەتایە خەریکە باڵی بەسەر ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی کوردیدا دەکێشێ، ئەم گرێیەش پتر تووشی ئەو کەسانە دەبێ کە ناخوێننەوە و زۆر ئاگایان لە دنیای خوێندەواری و ڕۆشنبیریی سەردەم نییە، یان زۆر بە دەگمەن و ڕەوتەنیانە بەلای بەرنامەی خوێندنەوەیەکی قووڵدا ڕۆیشتوون، بۆیە تەنیا لەناو فەلەکی واهیمەکانی خۆیاندا دەخولێنەوە و هەر خۆیان دەبینن. ئەگەر دەقنووس پێش پرۆسەی نووسین، بەرنامەیەکی قووڵ و جدییانەی خوێندنەوەی هەبووبێ، ئەوە بێگومان خۆی پێش هەموو کەس، زۆر چاک قەبارەی ڕۆشنبیری و داهێنانی خۆی دەزانێ و قسەی گەورەتر لە کار و بەرهەمەکانی ناکا، لەوەوە تێدەگەیشت هیچ کاتێک، کەسێک بێجگە لە دەقەکانی، بە قسەی زل و لەخۆگۆڕان، نەبووەتە داهێن و لەناو مێژووی ئەدەبیاتی دنیادا جێگەی نەبووەتەوە.

* لەناو ئەو لەخۆ گۆڕاوانەشدا، بەشێکی زۆریان ئەوانەن کە یەخەی شیعریان گرتووە و خۆیان پێوە هەڵواسیوە، لەناویشیاندا ژمارەیەکیان خۆیان پێ شاعیری زۆر گەورەیە، لە کاتێکدا شتێکیان لەوە زیاد نەکردووە، کە پێشتر کراوە و بەرهەم هاتووە، ئەوانە پیشەیان بووەتە لاپەڕە ڕەش کردنەوە و نووسینی زۆر و بۆر و قسەی گەورەی ناو هۆیەلی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە و گۆڤار و دانیشتنەکانیان، سەرباری ئەوەش، لە داهێن و جواننووسە ڕاستەقینەکان زیاتر ناز بەسەر خوێنەران و داوودەزگای کولتووری و لاپەڕە ئەدەبییەکاندا دەکەن و پێیان وایە ئەوەی ئەوان کردوویانە، کاری نەکردەیە و کەس ناتوانێ شان لە شانی شاکارەکانیان بدا، بۆیە ئەو خۆ بەشاعیری گەورەزانانە، بەردەوام پرتەوبۆڵەیانە و گلەیی لە کەمیی دەرفەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمە کرچوکاڵەکانیان دەکەن، کە چۆن دەبێ بەو هەموو گەورەییەوە غەدریان لێ بکرێ و کۆشیعرەکانیان چاپ نەکرێن و بواریان پێ نەدرێ بەرهەمەکانیان بڵاو بکرێنەوە.

* هەر ئەوانە گلەیی و گازاندەی ئەوە دەکەن کە بۆچی لەلای بەردەنگ و خوێنەرەکانیان بە گەرمی پێشوازییان لێ ناکرێ، یان بۆچی ڕەخنەگرەکان لایان لێ ناکەنەوە و لە بارەیانەوە نانووسن، ئەوانە ژمارەیان زۆرە، ڕۆژ دوای ڕۆژیش زۆرتر دەبن، بۆیە باوەڕ ناکەم ئەو خۆ بەشاعیرزانانە، تا ئەو ڕۆژەی خەریکی بەرنامەی خوێندنەوەیەکی قووڵ نەبن، ناتوانن لە بورجی عاجیی خۆیان بێنە خوارێ، قەتیش لە مەسەلەی خۆ بە مەغدوور زانینی خۆیان لە بۆڵە ناکەون. هەر دەقنووسێک خوێندەوارێکی باش و کەسێکی خاکەڕا نەبێ، با دڵنیابێ کە ناتوانێ هەست بە (لاوازی)ی بەرهەمەکەی بکا، یان قەبارەی ڕاستەقینەی خۆی بزانێ، چونکە ئەگەر دەقنووسەکان خوێندەوار بن، ئەوە خۆیان یەکەمین ڕەخنەگری خۆیان دەبن. پێتان سەیر نەبێ هەر ئەمانەن کە چاویان بە دەقە جوانەکانی هاوڕێکانیان هەڵنایەت و نایانبینن، کەواتە دەردی هەرە گەورەی ئەو لەخۆ گۆڕاوانە نەخوێندنەوەیە، هەر ئەم هۆکارەشە وای لێ کردوون بەباشی خۆیان نەناسن و لە کەسانی دی خۆیان پێ گەورەتر بێتە بەرچاو، ئەو سەردەمەش بەسەرچوو دەقنووس بتوانێ تەنیا پشت بە (بەهرە) سادەکەی ببەستێ و دەقی گەورە بنووسێ، نووسەران و شاعیران دەبێ هەمیشە سوکرات وتەنی (بزانن کە نازانن، نەک بزانن کە دەزانن).



# بە لەخۆباییبوون دەستمان بە داهێنان ناگا

ئازاد عەبدولواحید